کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 18:28:59بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هەڵەیەکی زمانەوانی " کێشەیPKK و تورکیا" ... کاوە ئاهەنگەری**

بۆخۆشم کەمێک پێم سەیربوو کە ئەم سەردێڕم بۆ ئەم نووسراوە کورتە هەڵبژارد، چوونکی من نە زماننناسم و نە پسپۆڕی باری زمان و وێژە. بەلام جێی خۆیەتی کە ئەم هەڵە نارەوا و زۆر جار مەترسیدارە ئاشکرا قسەی لەسەر بکرێت. مەودایەکە کە تورکیا دەیەوێ بەرەو هەولێر و چاڵەنوتەکانی کەرکووک وەرێکەوێت و باقی ماجەرا... ئەوەیکە کە بۆ منی ڕۆژهەڵاتی جێی داخە شێوەی ئاخافتنی کورد و ناکورد بەرامبەر بەم کێشە و ناولێنان و تیتربەندی و دەربڕینی ئەم گرفتەیە. هەرکەس چاوێک بە بڵاوکراوەکاندا بخشێنێت جوان بۆ وەدەر دەکەوێ کە هەندێک هەڵەی زمانەوانی و تاکتیکی و ستراتیژیکی لە ئارادایە، جا هەندێکی بەدەست کوردەوە(وەک هەمێشە) و هەندێک لەدەرەوەی بازنەی ئەم کێشەیە و ئەویتریشی بەدەست و زمانی نەیارانی کوردەوە(ئەوەش وەک هەمیشە) دێتە گۆڕێ. هەمووومان ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی نێوان کوردستان و دەوڵەتی تورکیا هەین. لەم نێوەدا چەند شێوەی ئاخافتنی بەم چەشنە دەبێندرێ:



- کێشەی PKK و تورکیا
- کێشەی دەوڵەتی تورکیا و گرووپە تیرۆریستەکان کە بە کێشەی تیرۆریزم لە تورکیا باسی لێوەدەکرێت
- کێشەی کورد لە تورکیا
- کێشەی کورد و تورکیا

ئەمانە زۆر بە ڕوونی هەر ڕۆژ دەکەونە بەرچاو لە بلاوکراوەکان. ئەوەی کە جێگای داخە ئەوەیە کە هەندێک تیتر و شێوە دەربڕێن دەبینین و دەبیسین کە نابێ و ناحەقیشە کە لە لایەن کوردێکەوە بێ بە تایبەت وتەبێژان و وەزیران و کەبیرانی کورد لە باشووری کوردستان.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە کام یەک لەم تیترانە بۆ واقعی کێشەکە درووستن بۆوەیکە کە ئێمە وەک کورد کەڵکی لێوەرگرین؟ ئایا ڕەوایە کوردێک ئەو گرفتانە کە ئێستا بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە بە کێشەی حیزبێک پێناسە بکات؟ ئەدی باشە ئەگەر ئەم هەرا و هەڵلا و تۆپ و بۆمبارانە ڕۆژانەیە تەنیا دەگەرێتەوە سەر بوونی حیزبێک بە نێوی PKK ئەدی دەستتێوەردانی تورکیا و وەپاشخستنی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و کەرکووک و ئێراق کوجا مەرحەبا؟ بۆ دەبێ لانیکەم لەم هەلە بێوێنەیەدا (هیچکات دەرفەتێکی جیهانی ئەوتۆ لا ئاستی میدیادا بۆ کورد نەهاتۆتە ئاراوە) دەسەڵاتدارانی کورد، بە تایبەت، ئەم گرفتە وەک "کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دا نەخەنە بەرباس و لانیکەم لە وتوویژ و چاوپێکەوتن و میدیاکاندا بەم شێوەیە باسی لێوەنەکەن؟ بۆ دەبێ لە کوردێکی بەرپرس بە جێی ئەوەی

کە لە دەرفەتێکی راگەیاندندا کە بۆی دەلوێ، بە جێی ئەوەی کە بە حەق و راست باس لە کێشەی کورد لە تورکیادا (لانیکەم) بکات، دەڵێ کێشەی پ ک ک و تورکیا. ئەوە چ مانایەکی هەیە؟ کەوابوو لێرەدا رەوایی بە ئەرتەشی تورکیا دەدرێ کە گرووپێکی بە تێرۆریست ناسراو (لە لایەن هاوپەیمانانی جیهانی تورکیا) بە نێوی پ ک ک لەبەین بەرێت و دواتریش ناوی لێدەنێن سەکەوتنی کۆماری سێکۆلاری تورکیا لە لەناوبردنی ئەلقاعیدەی کورداندا، دواتریش دانس و پێکدادانی پێکی شەرابی رۆڵەکانی مستەفا کەماڵ لە مەیدانەکانی ئەستەمبووڵ و ئانکارا و تەنانەت پێتەختەکانی زۆر وڵاتانی ئەوروپی. دوێنێ دیتمان کە چون زۆر لاوی تورک لە بروکسێل بە پشتیوانی لە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان هاتنە نێوشەقامەکان و هەرەشەکردن لە کۆمەڵ و رێکخراوەو تەنانەت چایخانە کوردەکانی شاری بروکسێل.

ئێمە وەک کورد لەسەرمانە :

1- بە هیچ شێوەیەک کێشەی کورد بە حیزبێکەوە نەناسێنین و هیچ حیزبێکی کوردستانیش لە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەورەتر نەکەینەوە.
2- پ ک ک بە تەنیا کێشەی تورکیا نیە و خودی ئەم حیزبەیش تەنیا بەشێکە لە کورد و ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە و بۆتە هەواڵێکی سەرەکی هەوڵنێرەکانی جیهان بە "کێشەی کورد" ناودێر بکرێت.
3- من کارم بە نەیاری کورد نیە کە چۆن باسی کورد و کێشەی کورد دەکات، بەلام ئەوەی کە ئەوڕۆکە لەسەرمانە و پێویست و زەرووره، بە جیهانیکردنی کێشەی کورد و بە کوردستانی کردنی گرفتەکانە.

کاوە ئاهەنگەری
بلژیک خەزەڵوەری 2707